# هەولێر شاری بەیەکەوە ژیانە

## تامان شاکر

ئەمرۆ کەس بە قەد کورد، باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی و سەروەری یاسا و شکاندنی سنوورەکان ناکات، هەموومان دەڵێن دونیا بووە بە دێیەکی گەورەو کاتی ئەوە هاتووە کە کلتوورەکان تێکەڵی یەکتر بن، بەڵام کێشەی ئێمە کورد لەوەدایە لە3 شاری کوردستان ناتوانین تێکەڵی یەکتر بین، هەندێکیان لە دەرەوەی سنووری شارەوانی شارەکەی خۆیان، کەس بە کورد نازانێت و هەموو کوردستانیش تەنها لە شارەکەی خۆی دەبینێتەوە، کە باس لە گۆڕانکاری و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، ئەوان خۆیان بە پێشەنگی ئەو بیرو بۆچوونانە دەزانن. من پێم وایە کەسێك کە نەتوانێ لە چوار چێوەی دێیەکەی خۆی دەرچێت، (بۆیە دەڵێم دێ چونکە ئێمە شاری گەورەمان نییە تەنها گوندی گەورەمان هەیە) هەستێکی مرۆڤ دۆستانەی نەبێت، خۆی و خەڵکی تر بە مرۆڤ نەزانێت پا بەند نەبێت بە نەتەوەیەك بە ناوی کوردەوە، بەرگەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێکەوە ژیانی هەموو کلتوورەکان ناگرێت.ئەمەش گەورەترین بەربەستە بۆ بوونمان بە نەتەوە، مرۆڤی کورد ئەوەندەی ئینتمای بۆ شارەکەی هەیە بۆ نەتەوەکەی نییە.

ئەمرۆ کۆمەڵگەی ئەمریکی و ئەوروپی بوون بە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەیی و لەسەر بنەمای یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ ، توانیویانە هەموو پێکەوە بژین، بوون بەنەتەوەی بەهێز وڵاتەکەی خۆیان خۆش دەوێت و کاری بۆ دەکەن بەڵام ئێستا من دڵنیا نیم و نازانم چەند کەس کوردستانی خۆش دەوێت، هەرچی من دەیبینم دەیەوێ بڕوات ئەی وڵات بۆکێ بە جێبهێڵین؟

لە سەرەتای هەشتاکانەوە لەو کاتەی کە زانکۆی سولەیمانی گوێزرایەوە بۆ هەولێر،شارەزای هەولێر بووم و خوێندنی زانکۆم لە هەولێر تەواو کرد . ئێستاش نزیکەی ساڵ و نیوێکە لە هەولێر دەژیم، سەیرم لە پێکهاتەی ئەو شارە دێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی خەڵکی شارەکانی ترو پارچەکانی تری کوردستانن و تەنانەت ڕێژەیەکی زۆری عەرەبیش هەر لە زووەوە لەم شارەدا ژیاون، لە هەمانکاتیشدا پێکهاتەیەکی ئاینی تیکەڵاو لە مەسیحی و یەزیدی و مەندائی تێدا دەژیت، کەسیش هەست بە نامۆیی ناکات. خۆزگە هەمووشیان هەولێر بە شاری خۆیان بزانن، من دڵنیاشم لەوە هەرچی ماوەیەك لەم شارە بژیت بە زەحمەت دەتوانێ جێبهێڵێت.

هەولێر تایبەتمەندیەکی یەکجار جوانی هەیە ، کە هەستی ناوچەگەری تێدا لاوازە کەسێك ئەگەر لەم شارەش لە دایك نەبووبێت، نابێتە جێی تیرو توانجی خەڵکی هەولێر.کەس پەنجەی نامۆیی بۆ درێژ ناکات.ئەگەر سەیری دامودەزگاکانی حکومەت بکەین دەبینین زۆرینەی کارمەندەکانی خەڵکی دەرەوەی هەولێرن و کەسیش رق و کینە بەرامبەریان پیشان نادات، هەولێریەکانیش ناڵێن ئێوە شوێنی کاری ئێمەتان داگیرکردووە.

هەستی ناوچەگەریەتی کە هێمایەکە بۆهەستی خێڵایەتی و عەشیرەتگەری گەرەك چیەتی دوور لە بنەمای نەتەوە و هەستی نەتەوەیی ، ئەو ساڵانەی کە لە ئەوروپا بووم ئەم دیاردەیەم بە زەقی دەبینی، لە نێوان کوردەکانی ئەوێ وەزۆر جار گوێم لە دەستەواژەی( کوڕی گەرەك و خەڵکی شارەکەیە) دەبوو بەو ماناییەی ئەوەی خەڵکی شارەکە نەبووایە شایانی دۆستایەتی و هاورێیەتی نەبوو، ئەی ئەگەر ئەمە عەقڵێکی دواکەوتوو نەبێت چییە.کە لە راستیدا دەبوایە هەستی نەتەوەیی زاڵ بێت بەسەر هەستی ناوچەگەری بۆ کەسانێك کە لە ناوجەرگەی ئەوروپایەکی فرەنەتەوەییدا دەژین.

هەستی ناوچە گەریەتی و نوکتە، لەسەر یەکتر بە ئەندازەیەك ناخۆش بووە، زۆرجا شەڕی لێکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوەی گەیشتۆتە رادەی بریندار کردن و سوکایەتی کردن بە شارێك

لە هەموو شوێنێك رۆحی نوکتەو پێکەنین هەیە، بەڵام نەك وەك ئەوەی لای ئێمە، کە هەموو سنوورەکانی نوکتەی بەزاندووە رێچکەیەکی دوژمنانەی گرتۆتە بەر، هیوادارم لەمەو دوا خۆمان بە نەتەوەیەك بزانین و هەولێریش بکەینە نموونەی شاری بەیەکەوە ژیان.